# ستراتیژی گەورەی ئیمپراتۆریتی ئەمریکایی

نووسینی: ئەلێکس کالینیکۆس
وەرگێران و بلاوکردنەوەی لە لایەن هاورێیانی:
"رێکخراوی سۆسیالیستی ئەنتەرناسیونالی"

تاکرەویەتی ئەمریکا بۆتە سیمایەکی بەرچاو لە سیاسەتی جیهانی دا. هەر لەو ساتەوەی جۆرج بوش هاتۆتە سەر کار لە کانونی دووەمی 2001 وە, بۆتە بەر چاوترین سیمای دەزگاکانی ئەمریکی. هەوڵە خێراکانی بوش بە کۆتایی هێنان بە پرۆتۆکۆلی کویۆتۆ سەبارەت بە گەرم بوونی زەوی وای کرد کە رۆژنامەی تایمی دارایی Financial Times بلێت, " هەلوێستی دژی رێکخستن لە ناوەوە بەرخوردی تاکرەویەتی لە دەرەوە نیشانی ئەوە دەدەن کە حکومەتی ئێستای ئەمریکا کۆنە پارێزترین حکومەتە لە دوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە".[1] هەر لە دوای یانزەی سیبتێمبەری 2001وە ئەم مەیلە بە شێوەیەکی توند بە هێز کراوە, لە سەرووی هەمووشیانەوە مەیلی دەزگاکانی بوش, وە تۆنی بلیرە وەکو کلکە زەلیلەکەی بۆ هەلگیرساندنی شەر بە مەبەستی " گۆرانی رژێم" لە عێراقدا . ساڵ رۆژی یەکەمی هێرشەکەی سەر نیویۆرکو واشنتۆن هاوکات بوو لە گەل بلاوکردنەوەی ستراتیژیەکی نوێی ئاسایشی نەتەوەیی کە دەست پێ دەکات بە تەئکید کردنی ' وولاتە یەکگرتووەکان هێزو کارکردێکی بێ وێنەو بێ هاوتای هەیە لە دونیادا' وە بەو ئەنجامگیری یە دەگات, "هێزەکانی ئێمە تا ئەو سنوورە بە هێز دەبن کە وا لە دووژمنەکانمان بکات دەست بەرداری پێکهێنانی توانای سەربازی بن بەو هیوایە ی کە هێزەکانیان, زاڵ بێت وەیاخود یەکسان بێت, بە هێزی وولاتە یەکگرتووەکان"[2]

ئەم دان پیانانە کوێرانەیە, هەروەك رۆژنامە نووسی راسترەو ئەنەتۆل لایڤین (Anatol Lieven) دەریبریوە, وڵاتە یەکگرتووەکان بە دوای" دەست بە سەراگرتنێکی تاکرەویانەی جیهانە لە رێگای بالادەستی رەهای سەربازییەوە, ئەمە سەرسورمانێکی ناخۆش بوو بۆ ئەو کەسانەی ئەو بیروباوەرەیان هەلوشی- کە زۆر بەربلاوو راستەوخۆ بوو لە دوای جەنگی سارد- بە جیهانی بوونی ئابووری هاوئاهەنگە لە گەل سەردەرهێنانی شێوازی " بەریوەبردنی جیهان" کە کیشمە کێشە کۆنەکانی نێوان هێزە گەورەکان وەلاوە دەنێت".[3] هیچ کەسێك بە سنوری تۆنی بلێر بەرگری لەم بۆچوونە نەکردووە, کە یەکەم کەس بوو دۆسییەی "بنەماکانی کۆمەلگای نێو دەوڵەتی" کردەوە لە شەری بەلکانی سالی 1999دا, وە دووپاتی کردەوە لە کۆنفراسی حیزبی کرێکاران لە سیپتێمبەری 2001.[4] ئیفرات کردنی تۆنی بلێر سەبارەت بە " دووبارە رێکخستنەوەی جیهان" ناکۆك دەکەوێتەوە بەرامبەر بە راستی پێشبینییەکانی کۆندۆلیزە رایس (Condoleezza Rice), مشاوری جۆرج بوش لە بابەتی تایبەت بە ئاسایشی نەتەوەیی, کاتێك کە دەلێت دەزگاکانیان" هەنگاو دەنێت لە بەرچاو گرتنی بەرژەوەندی نەتەوەییان, نەك لە روانگەی بەرژەوەندی کۆمەلگای خەیالییە نێودەولەتییەکەیەوە".[5]

## تێگەیشتن لە ئیمپریا لیزمی ئەمریکی

شتێك كە زۆر گاڵتە جاری یە ئەوەیە كە پابەندە رەوشتی یەكانی تۆنی بلێر كەوتۆتە خزمەت بۆ پاكانەكردنی درۆزنانەی سیاسەتی واقیعی Real Politics بوش و مشاورەكانی. پرسیاری گرنگ ئەوەیە كە چی هەیە لە هەمبانەی ویستی شەرخوازانەی ئەمریكا. ئەدوارد ئیتوالیك Edwar Luttwak, ستراتیژیەتی گەورەی ئەمریكا وەك دوورنمای ناكۆكیەكانی نێودەولەتەكان"لە كاتێكدا كە كاری سەربازی لە سنورێكی زۆرفراوانتر لە سیاسەتی ناوخۆیی‌و, دیبلۆماسیەتی نێودەولەتی‌و چالاكی ئابووری, وە هەموو ئەوانی تر كە بەهێزەوە لاواز دەبن, روودەدات".[6] دەردەبرێت. كەواتە ستراتیژی گەورەی ئیمپراتۆرێتی ئەمریكایی لە سایەی رابەرایەتی جۆرج Wبوش چی یە؟.

یەكێك لە سیما جیاكەرەوەكانی تیوری ماركسیزم سەبارەت بە ئیمپریالیزم ئەوەیە كە كیشمە كێشی دیبلۆماسی‌و سەربازی نێوان دەوڵەتەكان وەكو بارێكی پرۆسەی گشتی زیاتر لە پێشبركێی سەرمایەداری دەبینێتەوە. زۆر بە موشەخەس تر, هەروەك نیكۆلای بۆخارین فۆرمۆلەی كردووە لە سەروبەندی جەنگی جیهانی یەكەم, لە دەورانی سەدەی نۆزدەهەم دا تیوری ئیمپریالیزم, دوو پرۆسەی تارادەیەك خود بە خودی تا ئەوسات-پێشبركێ ی گیوپۆلیتكی نێوان دەوڵەتەكان‌و پێشبركێ ی ئابووری نێوان سەرمایەداران- زۆر زیاتر بە یەكەوە دەلكێنێت. لە لایەكەوە زیاتر بە پیشەسازیكردنی جەنگ, مانای وایە كە هێزە گەورەكان هیچی تر ناتوانن شوێنی خۆیان بپارێزن بەبێ پەرەسەندن بە بنەمای ئابووری سەرمایەداریای. یان لە لایەكی ترەوە ڕوولە گەشەی چربونەوەو نێونەتەوەی سەرمایە بوەتە هۆی كێشمە كێشی ئابووری نێوان كۆمپانیی یەكان‌و هەڵرشتنی سەرمایەكانیان لە دەرەوەی سنووری نیشتمانیان, وە بوونی بە كێشمە كێشی جیۆپۆلیتیكی ئەو دەولەتانەی كە وەستاون وەك جەنگاوەر لە پشت ئەو دەولەتانەی كە پشتوانیان لێ دەكەن. پێشبركێی ئابووری‌و ئاسایشی شێوازی ئاڵۆزی ململانێ ی لە خۆدا نیشان داوە كە بووەتە هۆی روودانی كارەسات لە جەنگی ئیمپریالیستی ساڵەكانی 1914-1945.[7]

ئەم تیورە باشترین بناغەیە بۆ تێگەیشتن لە مەیلی شەرانگێزی ئەمریكا لە ئێستادا. بەڵام پێش ئەوەی قسەی زیاتر لەم بابەتە بكەین, پێویستە خاڵێكی زۆر گرنگ روون بكەینەوە. هەمیشە هەردوو لایەن لایەنگران و رەخنەگرەكانی تیوری ماركسیستی سەبارەت بە ئیمپریالیزم دادەبەزێنن بۆ ئاستی ئەو پروپاگەندەی كە چالاكییەكانی دەولەتانی ئیمپریالیزم بە تەواوی پەیوەستە بە پالنەری ئابووری. یەكێك لە روایە تازەكانی ئەم تێروانینە , ئەو بیروباوەرە زۆر بڵاوەیە كە پێی وایە مەبەستی سەرەكی هێرشی رۆژئاوا بۆ سەر ئەفگانستان, ویستی جۆرج بوش و كۆمپانیاكانی نەوت و هاوپەیمانەكانیەتی بۆ بنیاتنانی بۆری نەوت لەم وڵاتە بۆ ناردنە دەرەوەی غازو نەوت لە ئاسیای ناوەراست.[8] ئەمە گومان هەڵناگرێت كە یەدەك ووزەیی ناوچەكە فاكتەرێكی گرنگە سەبارەت بە بەرژەوەندی واشینتۆن لە ناوچەكە. بەڵام دابەزاندنی جەنگی ئەفگانستان بۆ ئەم بەرژەوەندییە, هەڵەیەكی نابەجێ یە. هەروەك كە دەبینرێت, ئەمریكا هێرشی كردە سەر ئەفگانستان بە پلەی یەكەم لە بەر هۆكاری سیاسی كە خۆی چركردەوە لە دووبارە جێگیركردنەوەی باڵا دەستی لە سەر جیهان لە دوای 11ی سیبتێمبەر. دەست پێگەیشتن بە ئاسیای ناوەراست دەستكەوتێكی لاوەكی گرنگ بوو كە بە دەستی هێنا لە گەڵ راماڵینی تالیبان, بەڵام فاكتەرێكی ئەسلی نەبوو.دابەزاندنی ستراتیجیەتی ئەمریكا بۆ جیۆپۆلتیك: دەست بە سەرداگرتنی نەوتی خۆرهەڵاتی ناوەراست, هەروەك دەبینین, مەشغەلەتی سەرەكی پلانەكانی شەری دەزگاكانی (بوش) ە , لە هەمان كاتدا هەڵەیە.[9]

بە شێوەیەکی گشتی تر, بە درێژایی مێژووی ئیمپریالیزم, هێزە گەورەکان بۆ ئاوێتە یەکی تێکەل لە هۆکاری جیۆپۆلتیك و ئابووری کاریان کردووە. لە کۆتایی یەکانی سەدەی نۆزدەھەم دا , چینی فەرمان ڕەوا لە بەریتانیا, هەستی کرد بە گەورەیی هەرەشەیی ئەلمانیا بۆ سەر بەرژەوەندییەکانیان, بە پلەی یەکەم بە هۆی ئەوەی کە ڕێخی دووەم (Second Reich) بڕیاری دامەزراندنی ئستولێکی دەریایی جیهانی دا. ئەمە هەرەشەیەکی گەورە بوو بۆ باڵا دەستی ئستولی بەریتانی و ئاسایشی خودی دورگەکانی بەریتانیا, بەڵام کۆنترۆلی ئیمپراتۆریەت- وە بەدیهێنانی قازانج لە پۆرسەی خاریجی- زۆر بە نزیکی پەیوەست بوو بە هێزی دەریایی بەریتانی.[10] گەر نموونەیەکی تر وەر بگرین, هیتلەر زیاتر فەرمانڕەوایەکی ئایدیۆلۆجی بوو, کە مەبەستی دووری دەست گرتن بوو, بە سەر ئەوروپا و ئاسیا بۆ خزمەتکردن بە بەرژەوەندی ئەلمانیا, بەڵام سەنگی ئابووری دەورێکی بە هێزی هەبوو لە ستراتیجیەتی سەربازی (بڕیاردان بۆ هەڵگیرساندنی جەنگی جیهانی دووەم, وە درێژکردنەوەی بۆ یەکێتی سۆڤیەت, وە هەوڵدانی بۆ گرتنی ستالینگراد کە زۆر بە قورسی ترسی کەم هێنانی ماددەی خاوی لە سەر بوو) وە بۆچوونی هیتلەر سەبارەت بە کۆلۆنی کردنی ڕووسیا وەکو چارەسەرێك بۆ ناکۆکییەکانی ئابووری سەرمایەداری ئەلمانی.[11] هەروەها ئەمرۆ دەبێ لەوە بگەین کە تیوری مارکسیزم سەبارەت بە ئیمپریالیزم: شێوازەکانی ململانێی ئابووری و جیۆپۆلتیکی کە لە ژێر ڕکێفی سەرمایەداری تێکهەلکێشراون, لێکدەداتەوە, وە بەسادەیی گرنگی هیچ کامێکیان لە ئەوی تریان کەمتر ناکاتەوە.

## ستراتیژی ئەمریکا لە دوای شەری سارد

سەرچاوەکانی "بێ پێشینە و نایەکسانی"توانایی کە دەزگاکانی بوش خۆیانی پێ هەلدەکێشن,دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی باری ڕابردووی ململانێی نێوان ئیمپریالیستەکان- کە شەری ساردە ( 1945-1990).شۆڕشەکانی ناوەراست و خۆرهەلاتی ئەوروپا لە سالی 1989.وە ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت لە سالی1991, ئەمریکا جێیهێشت وەك هێزێکی سەربازی ڕابەر. لە هەمان کات دا ڕێگایان دا بە سەرمایەداری ئەمریکی کە دەستی بگات بەو ناوچانەی کە پێشووتر داخرابوون لە ڕووی دا بەهۆی بەشداریکردنیان لە جەنگی سارد و دابەش بوونیان بە سەر بلۆکی زلهێزە دژبەیەکەکان, بە تایبەتی ئاسیایی ناوەراست.کە شوێنێکی گرنگی یەدەك و وزەیی یەوە وە لە ڕووی ستراتیژیەوە کەوتۆتە سنورەکانی نێوان ڕوسیا و چینەوە. هەر چۆنێك بێت, هەلوەشانەوەی ڕژێمی ستالینینی ناکۆکییەکانی نێوان زلهێزەکانی کۆتای پێ نەهێنا. ژمارەیەك مارکسیست کە هیچ کارکردی ئەوانەیان لە سەر نەبوو کە باسی "کۆتایی هاتنی مێژوو" و سەدەی دووهەمی ئەمریکایان دەکرد- مشتومری ئەوەیان بوو کە, تا سنورێك ئەو جێگریە کە قەراری گرتبوو بە هۆی دوو جەمسەری بوونی سیاسەتی نێودەولەتی لە کاتی جەنگی ساردا, وەلانرا, جیهان دەچووو قۆناغی ململانێیەکی چری جیۆپۆلتیکی وە لە بەر ئەمە نا جێگریەکی زیاتر و ترسێکی گەورەتر لەوەی کە بەرقەرار بوو پێش 1989.[12]

بە شێوەیەکی تایبەتی تر ئەمریکا ڕوو بە ڕووی دوو سەرچاوەی شارراوە و بەرهەلستکار بوو. یەکەمیان لە ناوەخنی بلۆکی سەرمایەداری ڕۆژئاوا دەرکەوت. ئەلمانیا و یابان بە جێگیری ملکەچی ڕابەرایەتی سەربازی و سیاسیی ئەمریکا بوینە بە درێژایی شەری سارد, بەڵام پەرەیان سەندووەو بونەتە منافەسەی گەورەی ئابووری سەرمایەداری ئەمریکی. دابەزینی ڕێژەی ئابووری ئەمریکی لە بەردەم ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیەدا یەکێك بوو لە هێزە سەرەکیانەی کە ئابووری جیهانی ڕاکێشا ناو سەردەمێکی تازە لە تەنگوچەلەمە لە کۆتایی یەکانی 1960دا.[13]

ئازاد بوون لەو کۆتانەی کە پێویست بوو بۆ یەکگرتویی بەرامبەر بە بلۆکی رۆژهەلات, ئەلمانیا و یابان رەنگە زیاتر خۆیان لە رووی جیۆپۆلیتکەوە بسەپێنن وە پەرە بسێنن بۆ هێزی جیهان کە هەرەشەی بالادەستی ئەمریکا بکەن. ئەوە ئەلمانیای تازە یەکگرتوو بوو کە لە گەل سەربەخۆیەکەی لە واشنتۆن دەشەکایەوە ( بۆ نمونە, بە ئەندازیاری کردن بۆ لە یەك هەلوەشانەوەی یوگوسلافیا لە سالی 1991-1992 بەبێ لە بەرچاو گرتنی هەولەکانی دەزگاکانی بوشی گەورە بۆ هێشتنەوەی فیدرالیزمی یوگوسلافیا لە گەل یەك), بڕینی بازارەکانی ئەمریکا لە لایەن بایان و روو لە گەشەی وە بەرهێنان لە ئەمریکا, هەرەشەیەکی گەورەی تر بوو. جۆرج فریدمان (George Friedman) مشاوری ئاسایشی ستریتفۆر Stratfor تەنانەت پەرتووکێکی نووسی لە سەرەتاکانی 1990 بە ناوی شەری داهاتوو لە گەل یابان

کۆمەلەی دووەمی ئەم بەربەرەکانی یە شاراوەیە دەرکەوت لە دەرەوەی بلۆکی رۆژئاوا. رووسیا هەرچەندە دووچاری هەژاری و ئالۆزی کۆمەلایەتی و سیاسی بووە, بەلام هەر بە زلهێزی ماوەتەوەو چەکدارە بە هەزارەها چەکی نەوەوی بە درێژایی یورو ئاسیا, کەرەسەیەکی ووزەیی گەورە بە خۆیەوە دەگرێ یان لە تەك سنورەکانیەتی. هەرەشەی زیاتریش هێشتا هەر چینە. گەشەی خێرای ئابووری چین کە هاوزەمان بوو لە گەل ئەو کاتەی فەرمانرەواکانی بازاری ستالینیزمی بە خۆوە گرت لە سالەکانی 1980دا. کە رەنگە پاکانە بدات بە سەرمایەداری Laissez-Faire, بەلام هەروەها سەرچاوەی ئەوەی پێدەدات کە چین ببێتە هێزێکی سەربازی گەورە لە نا جێگیر ترین ناوچەی جیۆپۆلیتیکی جیهاندا. لە راستیدا, کە بەرهەلستکاری ئابووری یابانی پاشەکشەی پێکرا لە سالەکانی 1990دا.[14] چین لە جاران زیاتر روو لە گەشە بوو وەك کە رووبەروی ئەمریکا دەبێتەوە لە دوور ماوەدا. جۆن میرشمیر (John Mearsheimer) کە لە پێشەوەی لێکۆلینەوە ئەمریکایەکانە بۆ پەیوەندی نێودەولەتی لەم دواییانەدا نوسیویەتی:

رێگایەکی تر بۆ نیشاندانی ئەوەی کە چین چەند بە هێز دەبێت گەر ئابووری بە خێرایی و بە بەردەوام لە گەشەدا بێت ئەوە بەراورد کردنی لە گەل ئەمریکا. بەرهەمی گشتی نەتەوایەتی GNPی ئەمریکا 7,9تریلیۆن دۆلارە. ئەگەر بەرهەمی گشتی نەتەوایەتی کەسێکی چینی یەکسان بێت بە ئەوەی کۆریای باشوور, بەرهەمی گشتی نەتەوایەتی هەموو چین نزیك بە 10,66 تریلیۆن دەبێت, کە نزیك بە 1,35 کەرەتی قەبارەی بەرهەمی گشتی نەتەوەیی ئەمریکایە. گەر بەرهەمی گشتی نەتەوەیی چین نیوەی یابان بێت, بەرهەمی گشتی نەتەوایەتی هەموو چین نزیکەی دوو ئەوەندەو نیو گەورەترە لە ئەمریکا. بە مەبەستی بەراوردکردن, یەکێتی سۆفیەت نیوەی ئەمریکا دەولەمەند بوو زۆربەی کاتەکانی شەری سارد ...چین, لە کورت ماوەدا , توانای ئەوەی هەیە کە زۆر بە هێزتر بێت تەنانەت لە ئەمریکاش.[15]

لە سەر ئەساسی ئەم پرۆژە سازکردنە, میرشیمەر دەچێت سیناریۆیەکی خراپ دادەمەزرێنی بۆ باکوری خۆرهەلاتی ئاسیا وە لە راستیدا بۆ دونیا:

چین نەك تەنها لە وولاتە ئاسیاویە منافیسەکانی دەولەمەنتر دەبێت... بەلام هەبوونی دانیشتوانێکی ئێجگار گەورە, رێگای ئەوەی پێ دەدات کە سوپایەکی هەبێت کە زۆر بە هێز تر بێت لەوەی رووسیا و یابان. چین هەروەها ئەوەی

هەیە کە چەکی نەووەی کاریگەری هەبێت. باکوری خۆرهەلاتی ئاسیا... دەبێتە شوێنێکی زۆر ترسناك تر لە چاو ئێستا, چین وەکو هەموو زلهێزەکانی پێشوو, زۆر بە توندی مەیلی ئەوەی دەبێت کە ببێتە زلهێزێکی راستەقینە, وە هەموو منافیسەکانی, بە ئەمریکایشەوە, چین دەور دەدەن بۆ ئەوەی رێگای لێ بگرن تەشەنە نەکات.[16]

ئەوانی تریش وەکو زگنیو برزینونزکی Zbigniew Brzezinski: مشاوری سەرۆك جیمی کارتر بۆ کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی 1977-1981, زۆر زیاتر گوماندارە سەبارەت بەوەی کە چین توانای ئەوەی هەبێت کە پەرەبسەنێت بۆ بەرهەلستکاری بوونەوەی ترسناکی ئەمریکا, بە تایبەتی کاتێك پێشبینی (هەروەك میرشیمەر گفتوگۆی لە سەردەکات). "دەرئەنجامی میکانیکی لە سەر ئەساسی پرۆجێکتی ئاماری"[17] بەخۆیەوە دەگرێت. هەر بە هەمان شێوە, برزینزسکی یەکێکە لە بە هێزترین ئەو کەسانەی کە مجادەلەی ئەوە دەکەن کە ئەو رووبەروو بوونەوەی دووچاری ئەمریکا بووینە لە کۆتایی جەنگی ساردەوە ئەوە پارێزگاری کردنییەتی بە رابەرایەتی کردنی دەولەتانی سەرمایەداری رۆژئاوا وە هەروەها درێژ کردنەوەی بۆ وولاتە زلهێزەکانی تریش. سەرکەوتنی جیۆپۆلیتکی سەرەکی ئیدارەی کلینتۆن لە سالی 1993-2001 ئەوە سەرکەوتنێ بوو لە خۆپاراستن بە دووبارە رێکخستنەوەی بالا دەستی ئەمریکا لە یورو ئاسیا. ئەمە ئاسان کرا لە رێگای زەمینەی ئابوورییەوە. زۆربەی سالەکان 1990ئابووری ئەمریکی بەهرەمەند بوو لە بوژانەوەی روو لە گەشە بە درێژایی دەسال.[18] لە هەمان کاتدا ئابووری ئەلمانی لە رکودا بوو زۆربەی سالەکانی 1990, بەلام یابان دووچاری دابەزین و داکشانی ئابووری بوو زیاتر لە هەر دەولەتێکی تری سەرمایەداری هەر لە سالەکانی1930دا. ئەم ئالوگۆرە رێژەییەی هاوسەنگی توانای ئابووری بە بەرژەوەندی ئەمریکا پالپشتی کرا بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی لە لایەن ئیدارەی کلینتۆنەوە. کەمپینی بۆمباران کردنی سربیا لە سالی 1995لە لایەن ناتۆوە سەبارەت بە بۆسنیا- وە بە شێوەیەکی فراوان تر – سەبارەت بە کۆسۆفۆ لە سالی 1999وە خزمەتی کرد بۆ نیشاندانی ئەوەی کە ئەورووپای یەکگرتوو پشتیوانی دەکەنە سەر رابەرایەتی سیاسیی ئەمریکی و ماسولکەی سەربازی ئەمریکی بۆ زال بوون بە سەر تەنگوچەلەمەکانی خۆشیان لە بولکان. تەشەنەکردنی ناتۆNATO بۆ خۆرهەلاتو ناوەراستی ئەورووپا کە لە کاتی شەری بەلقانی 1999دا کاریگەری گێرا,سێ کارو دەرئەنجامی بەدیهێنا:

1. شوێنی ئەمریکای وەك هێزی سەرکردە لە ئەورووپای رۆژئاوا, کە بەدیهاتبوو لە کاتی جەنگی ساردا, پاراستو ئمتدادی پێ کرد بەرەو رۆژهەلات.
2. شەرعیەتی دا بە ناتۆی رابەرایەتی کراو لە لایەن ئەمریکاوە بۆ ئخنراق کردنی ناوچە گرنگە ستراتیجییوئابوورییەکانی ئاسیای ناوەراست و ماف ئەنجام دانی عملیاتی پێدا لە "دەرەوەی ناوچەکە"
3. ستراتیجیەکی نوێی بەخۆوەگرت سەبارەت بە گەمارۆدانی راستەوخۆی رووسیا کە هەندێك لە سیاسەتمەدارانی ئەمریکا گەیشتبوونە ئەو ئەنجامەی کە هەر چۆنێك بێت رووسیا ممکین نییە بگۆرێت بە لیبرالێکی دیموکراسی روولە گەشە, لە بەر ئەوە دەبێت ئیحتوا بکرێت.[19]

تاقیکردنەوەی یەکەمی ناتۆی نوێ دژ بە سیربیا لە باشترین حالەتیدا: ئاکامەکەی یەکلاکەرەوە نەبوو, بەو هۆیەی کە کەمپینی بۆمبارانی ( کە بوە هۆی پێ کەوتنی زیانێکی کەم بە سوپای یوگوسلاڤ) تەنها یەك فاکتەر بوو کە هانی میلوسوفیچی داکە دەست بەرداری کۆسۆڤۆ بێت. رەفزی رووسیا بۆ پشتیوانی کردنی و فشار هێنان بۆی رەنگە

دەورێکی بە هەمان رادە گرنگی بینیبێت. بەڵام شەری بولکان ئەو منافەسەیە بوو کە تیایدا ئایدیۆلۆژی دەست تێوەردانی مرۆڤایەتی, زۆر بە توندی نیشاندرا, بە تایبەتی لە لایەن بلێرەوە, بەو مەبەستەی کە مافی "کۆمەلگای نێودەولەتی"بسەپێنی – لەم حالەتەدا ئەمریکا و هاوپەیمانە ئەوروپیەکانی – بۆ بەزاندنی سیادەی نەتەوایەتیو بەرپاکردنی جەنگ بە لایەنی کەمەوە بۆ سزادانی "دەولەتێکی سەرکوتکەر"[20] کە مافی مرۆڤی پێشێل کردووە.

لە رووکاری ئەمەدا, ئەو کات, ئیدارەی کلنتۆن ستراتیژیەکی هەمە لایەنەی رەچاو کرد. پالنەری سەرەکی کە لە پشت ئەم سیراتیژیە بوو,زۆر روون تر لە لایەن برزینسکی خرایە روو, کە ئەو ئەندازیارێکی سەرەکی تەشەنەکردنی ناتۆ بوو. لە نووسراوی" شەترەنجی گەورەدا" ئەم سیاسەتەی خستە روو وەك یەك واجیهەی مەرامێکی زۆر پانتر بە مەبەستی هێشتنەوەی دەسەلاتداریتی ئەمریکا لە رێگای سیاسەتی پارچەکردنو فەرمانرەوایی کردن بە درێژایی کیشوەرەکان. زۆر بە راشکاوی زمانی هێزی ئیمپریالیستی بە کارهێناوە ("بالا دەستی جیهانی ئەمریکا لە هەندێك رووەوە بە ئیمپراتۆریەتەکانی پێشووتر دەچێت "), برزنزنسکی بنیاتنانی هاوپەیمانیەتی ئەمریکا بە مەبەستی تێکەلاوبوونو زال بوون بە سەر هێزە منافسەکانی لە ئەلمانیاو رووسیاو چینو یابان پشتیوانی لێ دەکا:

" لە کورت ماوەدا, لە بەرژەوەندی ئەمریکایە کە دەست بگرێت و بەردەوامی بدات بە بلورالیزمی جیوگرافی بەرقەرار لە سەر نەخشەی یوروئاسیا. ئەمە هانی مناوەراتو هەلسورانێك دەدات بە مەبەستی رێگا گرتن لە سەر هەلدانی هاوپەیمانە دژوارەکان کە رەنگە لە ئاکامدا هەولی بەرەنگاربوونەوەی سەرفرازی ئەمریکا بدەن, ئیحتمالی دووری هەر دەولەتێك کە هەولی ئەمە بدا, ئشارەی پێ ناکەم. لە ناوەند ماوەدا ( لە ماوەی بیست سالی داهاتوودا یان زیاتر), ئەمەی پێشوو دەبێت بە تدریجی تەئکیدێکی گەوەر ە دەدات بە دەستەوە لە سەر سەرهەلدانی هاورێیەکی روو لە گەشەی گرنگ. بەلام هاوچەشن لە رووی ستراتیجەوە, کە پێ دابگرێ لە سەر رابەرایەتی ئەمریکا, رەنگە یارمەتی شکل پێدانی سیستەمی ئاسایش بە درێژایی یوروئاسیا بدات. لە کۆتایی دا, لە درێژ ماوەدا, ئەمەی پێشوو رەنگە بتوانێت ببێت بە ناوەخنی جیهان بۆ بەشداری کردنێکی رەوایانە لە بەرپرسیەتی سیاسی."[21]

زۆر گرنگە لەوە بگەین, کە سەرەرای ئەو پێداگرتنە لە سەر بنیاتنانی هاوپەیمانیەتی ( وە ئارەزوی برزونسکی بۆ پێکهێنانی چەشنێك لە پەیوەندی و بەشداریکردنێکی عادیلانە لە نێوان هێزە گەورەکان لە دوور ماوەدا) ستراتیجیەتی ئیدارەی کلنتۆن بە هیچ شێوەیەك ستراتیجیەکی هەمەلایەنە نەبووە هاندانی تەشەنەکردنی ناتۆ و ئەورووپای یەکگرتوو هۆیەك بوون بۆ هێشتنەوەی بالا دەستی ئەمریکا لە یوروئاسیا, نەك وەك بەدیلێك بۆ زلهێزی ئەمریکا. کلنتۆن و مشاورەکانی ئەمانە بوون کە هەروەك ئەمریکایەکی کۆنەپارێز دەلێت "ئامرازەکانی هەمەلایەنی" Instrumental Multilateralists :

"ئەمریکایەکان پێیان باشترە کە کاربکەن لە رێگای سزادانەوە پشتیوانی وولاتانی تر گەر بتوانن. بەلام تا ئەو سنورە بە هێزن کە بتوانن بە تەنها کار بکەن گەر پێویست بکات". [22]

ئەمریکا دەستی کرد بە شەری بەلکان لە سالی 1999 لە ژێر بەرێوەبەری ناتۆ بەبێ گەرانەوە بۆ مەجلیسی ئاسایش UN. دەزگاکانی کلنتۆن پێش وەخت گالتەجاری UN یان کرد. لە کاتێك لە دیسێمبەری 1998 بۆمبارانی عێراق یان

کرد بە یارمەتی بەریتانیاو کوێت, مادلین ئەولبرایت سکرتێری بێ بەها و نەگریسی کلنتۆن, هێرشە ساروخی یەکەی سەر عێراقی ڕەوایی پێ دا کاتێك کە ووتی :

" گەر پێویست بکات هێز بەکاربیهێنین, ئەمە لە بەر ئەوەیە کە ئێمە ئەمریکاین, ئێمە بەرز وەستاوین. ئێمە داهاتوو زیاتر دەبینین.[23]

ئەم جۆرە تێروانینە ئیمپریالیستیانە بوو وای کرد کە سەربازێکی خزمەتکاری دەولەتی ئەمریکا سەمویل هەنتنگتۆن Samuel Huntington کە هەڕەشە بکات:

"بەرخوردکردن وەك ئەوەی کە جیهانێکی یەك جەمسەرە, ئەمریکا زیاتر بە تەنها دەبێت لە جیهاندا ... لە کاتێکدا ئەمریکا دەولەتی جیا جیا بە "دەولەتی شریس" ناو دەبات, لە نەزەری زۆر لە دەولەتان ئەمریکاش دەبێت بە زلهێزێکی شەریس .24

### ڕێبازی بۆش: کاردانەوەی پێشینەی تۆڵە سەندنەوە

ئەم زل هێزە سەر پێچی کەرەکەی کە ئێستا سەربەستە. دڕندەیی تیرۆرستی (11ی ئەیلول) نواندنی لەوە دەکرد کە ڕامیار ناسێکی ئەمریکی Chalmers Johnson ناوی نابوو 'blowback '. وەڵامی هێرشی سەر ئەوکاردانەوەی کە هێزی ئیمپریالی وولایەتە یەکگرتووەکان دروستی دەکات ، بەشێوەیەکی تایبەتی لە ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاستدا. نرخەکەی لە ناو چوونی ژیانی هەزاران بێ تاوان بوو لە مەدەنیەکانی ئەمەریکا.25 بەڵام هێرشەکانی سەر نیویورك و واشنتۆن بوارێکی مەزنتری بەخشی بە ئیدارەی (بۆش)ی کوڕ لەوەی کە پێشتر هەبوو بۆ بەدووا دا چوونی ستراتیژی نێو دەوڵەتی کە لە ڕووی جۆرەوە زیاتر تاك لایەنەیە لەوانەی پێشوو.

گاڵتەجاری ئەم دەزگایە سەبارەت بەپێکهاتەکانی هاوپەیمانێتی لە هەڵوێستی دا ئاشکرا بوو بۆ ناتۆ (NATO). ئەوە بوو لە ئەیلولی ساڵی 2001، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئەنجوومەنی باکووری ئەتڵەسی کە پەنابەرێتە بەر یاسایەك کە لە وتاری پێنجەمی پەیمان نامەی ساڵی 1949 دا هاتووە لە دامەزراندنی ناتۆدا، بەو پێیە هێرشەکان بۆ سەر ئەمەریکا هێرش کردن بوو بۆ سەر دەوڵەتانی ئەندام لە هاوپەیمانێتیەکەدا. بۆش ئەم ڕاگەیاندنەی هاوکاری و یاسایەك لە ئەنجوومەنی ئاسایش لە نەتەوە یەکگرتووەکان نابە گیرفانی وەکو دەست کەوتێك، بەڵام وەزارەتی بەرگری (پنتاگۆن) بە ئەزیەتی نەزانی ناتۆ بەکاربهێنێ لە جەنگیدا دژی ئەفغانستان. ناتۆ کە پێش دووساڵ باشترین ئامێری واشنتۆن بوو لەدەست تێ وەردانی  لە بەلقان، ئێستاکەش بەهەمان سوکایەتی پێکراوی‌یەوە مامەڵەی لەگەڵ کراوە، بوونە بەشتێ ئاسا لە مامڵە کردنی ئەمەریکی یەکان لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان. ستراتیژی ئاسایشی قەومی تەنها سێ پاراگرافی بۆ تەرخان کردووە.

ئەم پەسندکردنەش زانینەی وەرگرتنی هەڵوێست لەیەك لایەنەوە. لە یەکەمین قۆناغ دا ڕەنگدانەوەی دەست وەشانی سیمبۆلی ترسناك بوو کە هێزی ئەمەریکی بەخۆوە بینی لە (11ی) سێبتێمبەر. پاش ئەم هێرشە بەرچاوانە بۆسەر

سەرمایەی دارایی و مەڵبەندەکانی سەربازی، دەوڵەتی ئەمریکی چاوەڕێی لێدەکرا بە خۆیدا بچێتەوە، نەك دەرکردنی بریاری 911ی پۆلیسی نێودەوڵتی. هێزی ئەمەریکی بەزێندرا ـ لەبەر ئەوە چاوەڕێی لێ دەکرا تۆڵە بکاتەوە.

سەرکردەکانی وەزارەتی بەرگری (پنتاگۆن) بەهەموو شێوەیەك نائارامی خۆیان ئاشکرا کرد لە بەرامبەر لێپرسینەوە لە سەرە خۆکانی ناتۆ(NATO) لە ماوەوی جەنگی بەلقان ساڵی1999. بەڵام لەو کاتەی ڕووخانی کابۆل لە نۆڤەمبەری ساڵی 2001 ئیتر ئەوە روون بۆوە کە دەزگای بۆش ((جەنگی دژی تێرۆر))، بەکاردێنێ بۆ پاساوکردنی ستراتیژی یەکی جیوپۆلێتیکی دوژمنکاری، وە بڵاوکردنەوەی هێزی چەکداری بۆ نەهێشتنی چەند هەڕەشەیەك و تۆقاندنی هەرکە سێکی تر.

یەکەمین هەنگاو بە زیاد کردنێکی جەوهەری هات لە مەبەستەکانی جەنگ کە بۆش ئاشکرای کرد لە ووتەیەکدا لە بانگەوازی یەکێتی لە 2002 01 29، کە تیایدا ئەوە دوویات ئەکاتەوە (جەنگی ئێمە دژی تیرۆر هێشتاکە لەسەرتادایە)، بۆش ئەمەی ووت لەگەڵ هێرش کردنە سەر تۆرەکانی تیرۆرستی بەشێوەیەکی راستەوخۆ، مەبەستی دووەممان رێگە گرتنە لەو رژێمانەی کە سەرپەرشتی تیرۆر دەکات لە هەڕەشە کردنی ئەمەریکی یەکان و برادەرانمان و هاوپەیمانانمان بە چەکی کۆکوژی، وە ناوی ئێران و عێراق و کۆریای باکووری برد بە تەوەرەی شەر.26 وەزیری دەوڵەت جۆن بۆڵتۆن John Bolton یەك لەدوای یەك تورەکەی درێژ کردەوە، لیبیا و سوریا و کوبای دیاری کرد وەکو "دەوڵەتانێك سەرپەرشتی تیرۆریزم دەکەن و یاخود توانای ئەوەیان هەیە پەرە بەچەکی کۆکوژ بدەن".27

بەڵام تەواوی ڕووەکانی ستراتیژی دەزگاکە تەنها کاتێك ڕوون و ئاشکرا بوو کە بۆش بڵاوی کردەوە, ئەوەی فایننانشل تایمز Financial Times ناوی لێنا ' بە تەواوی رێبازێکی تازەی کردوە هەبوونی مافی پێشەکی بۆ دەست بەسەراگرتن' لە ووتەیەکیدا لە وێست پۆینت (West Point) لە2002 06 01.28 بۆش ووتی

زۆر زیاتر لە سەدەی رابردوو، بەرگری ئەمەریکا پشتی بە رێبازەکانی جەنگی سارد دەبەست وەك و رێبازی رێگە گرتن و لە خۆگرتن (ئیحتیوا ). لە هەندێ کاتدا، ئەم ستراتیژیانە هێشتا بەکاردێن. بەڵام هەڕەشەی نوێ پێویست بە بیرکردنەوەی نوێ دەکات. رێگە گرتن واتای بەڵێنی تۆڵە سەندنەوەی مەزن دژی نەتەوەکان ـ هیچ ناگەیێنێت دژی تۆڕی تیرۆرستی نادیار کە لە نەتەوەیان هەیە تا هاوڵاتی بەرگری لێ بکەن. رێبازی لە خۆگرتن مومکین نیە کاتێك دیکتاتۆرە ناهاوتاکان کە بە چەکی کۆکوژی لە توانایان دابێ ئەو چەکانە بە مووشەك بەکاربێنن یان لە ژێرەوە بیدەن بە هاوپەیمانتنی تیرۆریستی. ناتوانین بەرگری لە ئەمەریکا و برادەرانمان بکەین بە ئومێدی خواستن بۆ باشترین. ناتوانین بڕوا بە ووشەی دەست درێژی کەران بکەین،کە بەرێزەوە پەیمانانامەی پەرەنەدان بەچەك ئیمزا دەکەن و پاشان بە شێوەیەکی سیستەماتیکی پێشێلی دەکەن ئەگەر ئێمە چاوەڕێی ئەوە بکەین کە ئەم هەڕەشانە بەتەواوی جێبەجێبێ، ئەوا چاوەڕێی چەپڵەیەکی زۆر درێژمان دەکرد.

بەرگری ووڵات و بەرگری موشەکی بە شێکن لە ئاسایشی توندترە ئەمانەش مافی بەرگری جەوهەریمان بۆ ئەمەریکا لەپێش هەموو شتێك. بەڵام جەنگی تیرۆر نابرێتەوەلە حاڵەتی بەرگری. پێویستە جەنگ بگوازرێتەوە ناو دوژمن، پلانەکانیان تێك و پێك بدەین رووبەرووی خراپترین هەڕەشە ببینەوە پێش ئەوەی چەپڵە لێ بدەن. ئەم جیهانەی ئێمە پێمان لەناو داناوە، تەنها رێگە بۆ سەلامەتیمان رێگەی کردووەیە. ئەم نەتەوەیەش چەپڵە لێ ئەدات.

ئەم ڕێبازەی بۆش (کە یەك دەزگا دای ڕشتووە) پەیوەندی هەبوونی مافی پێشەکی بۆ دەست بەسەراگرتن وەکو نوسراوێکی پیرۆز ئەپارێزرێ لە ستراتیژی ئاسایشی قەومیدا.

لە کاتێکدا وولایەتە یەکگرتووەکان بە بەردەوامی تێ دەکۆشێ بۆ بە لیست کردنی یارمەتییەکانی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی، دوو دڵی ناکەین لەکارکردن بە تەنها، ئەگەر پێویست کات، بە مومارەسەکردن بۆ مافی بەرگری خود بە ئیشکردن بە شێوەی دەست بەسەراگرتن.30 یەکەم تاقی کردنەوەی ئەم ڕێگایە عێراقە. سیاسەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دوای جەنگی کەنداو ساڵی 1991 سیاسەتی، دەست بەسەراگرتنی دوو لایەنە = لە وەر گرتنی جووت، بۆ دابراندنی هەردووك, ئێران و عێراق سەبارەت بە عێراق، هەردووك ئابلوقەی ئابووری و بۆمبارد کردنی ئاسمانی دانرابوو بۆ ڕاگرتنی ڕژێمی بەعسی صەدام حوسێن بەشێوەیەکی لاواز و لەباری بەرگری بمێنێتەوە. لەم دوواییە ساڵەکانی 1990 سیاسەتەکە بەشێوەی دیبلۆماسی لێك هەڵدەوەشایەوە، لەوکاتەی هەردووك ئەندامەکانی ئەنجومەنی ئاسایش وەك فەرەنسا و ڕوسیا و دەوڵەتە عەرەبییەکان بەرژەوەندی خۆیان کە لە زیاد بووندا بوو پیشاندەدا لە بەهێزکرنی پەیوەندی ئابوری و دیبلۆماسی لە گەڵ عێراق بۆ پاراستن و دابرینی عێراق، ئەوە بوو بەریتانیا و ئەمەریکا ناچار بوون بە بەردەوامی لە وەرگرتنی لێپرسینەوەی تاك لایەنانە، بەشێوەیەکی تایبەتی بە چڕکردنی هەڵمەتی بۆمبارانکردن.31

بەم دوواییانە وەك ساڵی 2000 گۆندۆلیزا ڕایس Condoleezza Rice پاشان ( پرۆفێسەری ستافۆرد Stanford ئامۆژگاری کردنی هەڵمەتی بۆش) گفتووگۆی لە پێناو بەردەوامی ئەم سیاسەتە دەکرد.ئاماژەی بە "دەوڵەتانی سەرپێچی کەر" ، وەکو عێراق و کۆریای باکوور کرد نووسی:

ئەم ڕژێمانە لەو کاتەی دەژێن بە قەرز دەژین، لەبەر ئەوەی پێویست بە هەستکردن بە تۆقین ناکات لە بارەی ئەمانەوە. بەڵکو یەکەم هێڵی بەرگری دەبێ ووتەی ڕێگە گرتن بە شێوەی کلاسیکی و ئاشکرا بێ ـ ئەگەر ئەوان بەراستی چەکی کۆکوژی یان هەبێ، چەکەکانیان ناکرێ بەکاربێ چونکە هەر هەوڵێ بۆ بەکارهێنانی دەبێتە هۆی لەناوبردنی تەواوی قەومی.32

وەکو بەرەنگاری کردنی ئەم تێبینیانە لەم دووایەدا، ڕایس Rice بەکزیەوە گاڵتەی کرد و ووتی (ئەکادیمسییەکان دەتوانن هەرشتێ بنووسن، پەنای بردە بەر ئاگادارکردنەوە تۆقێنەرەکانی09\11).33 لەوانەیە ئەم گفتوگۆیە جێی باوەڕ نەبێت. پێکەوە گرێ دانی سەدام حوسێن بە قاعیدەوە لەلایەن بۆش و بلێر, بە بەردەوامی خۆ لە گەمژەییدانی ئەو ڕاستییە کە هیچ پەیوەندییەکی بەڵگە و ترسناك نەبوو عێراق ببەستێتەوە بە (11ی ئەیلول) هیچ شتێ کە رووی دابێ لەو کاتەی هێرشەکان کرایە سەر ئەمەریکا لەو ڕاستی یەی نەگۆری کە هەر دەوڵەتێ ئازایەتی کرد کە بەئەتۆم، بایۆلۆجی یان بەکیمیایی لە ئەمەریکا بدات وەکو ئەوە وایە کە نەتەوەی خۆی لەناو ببات و بێ گومان تەرکیز کردنە سەر چەکی کۆکوژی باس لەهەردووك عەمباری ئەتۆمی زەبەلاح کە ئەمریکاو زل هێزەکانی تر هەیانە ناکات، هەروەها پەرەپێدانی چەکی ئەتۆمی لەلایەن دەوڵەتانی کە زۆر بە نزیکییەوە لەسەر هێڵی واشنتۆن دەڕۆن وەك ئیسرائیل و پاکستان. بۆ تێگەیشتن لە ڕێبازەکەی بۆش پێویستمان بە تەماشاکردنی خودی دەزگای بۆشە لە نزیکەوە.

(بۆش)ی دووەم: کۆماریی یە راست ڕەوەکان سەرکردایەتی دەکەن

ئیدارەی بۆشی کوڕ مەبەستی بوو لە سەرەتاوە وەکو درێژەدان بە ئیدارەکەی باوکی بخرێتە ڕوو. هەمان بۆچوون لە بانگەشەیەکی باوکدا ئاشکرابوو کە جەنگی پلانڕێژکراو لەسەر عێراق بریاردانە لەسەر پێکانی مەبەستێکی کۆنی سەر بە خێزان ئەم جۆرە لێکدانەوەیە بە شێوەیەکی مەبدەئی هەڵەیە.34 هەرچەندە زۆربەی ستافی سەرکردایەتی ئەم ئیدارەیەی ئێستا ـ بە شێوەیەکی بەرچاو جێگری سەرۆك دیك چینی Dick Cheney کۆڵن پاوڵ Colin Powell وەزیری دەرەوە و وەزیری بەرگری دۆناڵد رامسفیلد Donald Rumsfeld ـ لە ژێر چاودێری بۆشی باوك لە ساڵ1989 – 1993 خزمەتیان کردووە، لەڕووی ئایدۆلوجییەوە، بۆشی کوڕ ڕێچکەی سەردەمی رۆناڵد ڕیگن Ronald Reagan دەگرێتە بەر، سەرۆکی ماوەی دووا قۆناغی جەنگی سارد لە نێوان ساڵەکانی 1984 1989. ئەوە ڕیگن بوو کە بەئاشکرا یەکێتی سۆڤیەتی بە (ئیمپراتۆریەتی شەر) تاوان بار کرد، دەسەڵاتی بە سی ئای ئەی (C I A) و پنتاگۆندا کە پشتگیری گەریلە راست ڕەوەکان بکەن لە جموجۆڵەکانیاندا دژی رژێمەکانی ناسیونالستی جیهانی سێیەم وەك لە (نیکاراگوا) و (ئەنگۆلا)و (ئەفغانستان) کە ئەمەریکا مەحکوم بوو لەگەڵ لای هەڵە دابێ لە جەنگی سارد.35 ئەوە بوو هێزی (کێسینجەر) سەرۆك رەش بینەکان بە پەسەندکردنەوە سیاسەتی دەرەوەی ڕێگنی کورت کردووە بەم شێوەیە: زمان حاڵی بەرزە فڕی واشنتۆن لە پشتگیری کردنی سەربەستی و دیمۆگراسی کەمێك مۆرگی ریالیزمی (میکیاڤیلی) پێوە دیار بوو... مەبدەئەکەی ریگن چووە سەر ئەو ستراتیژیە کە یارمەتی دوژمنی دەدەم- کو رۆچسلۆ پەسەندی کردووە (یەکێك بوولە سوودمەندبووەکانی ئەم ستراتیژییە وەکو ئوسامە بن لادن دەرکەوت).36

بۆشی کوڕ بە ئاشکرا شێوازی کەسێتی خۆی لەسەر مۆدێلی ڕێگن بوو – کەسێکی خاوەن توانایەکی گەورە و شەرعیی لە گفتووگۆکانیدا کە تەرکیزی لەسەر مامەڵەکردنی کێشە گەورەکان بوو یەکسەر (بە بۆچوونی کۆماری رست ڕەو) بەشێوەیەکی زۆر گرنگتر،تەوەرە مەرکەزییەکانی ئیدارەکەی بە سیاسەتەکانی ڕێگینیزم پێناسە کرا.بۆشی باوك بەرهەمی دەزگای کەناری رۆژ هەڵات بوو: ئاوازی سیاسەتی دەرەوەی وەزیری دەوڵەت جەیمس بێکەر James Baker داینا، ئەوەی بەووریایی یەوە هاوپەیمانێتی‌یەکی پان پۆری دامەزراند لە سەر بناغەی دەسەڵاتی ئەنجومەنی ئاسایش نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەڵگیرساندنی دووا جەنگ دژی عێراق، ئەوەی ڕەتی کردەوە دە ملیۆن دۆلار بە قەرز بە ئیسرائیل ببەخشێ بۆ ناچار کردنی (بتزاك شامیری) راست رەو بۆ بەشداری کردن لە کۆنفرانسی ئاشتی مەدرید لەگەڵ رێکخراوی رزگاری‌خوازی فەلەستین.37

چینی Cheney, وەزیری بەرگری لە ژێر دەسەڵاتی بۆشی باوك ئەوکات تارادەیەك کەسێتی‌یەکی دابڕوا بوو.لە ئازاری ساڵی 1992 دا دۆکۆمێنتی رابەری سیاسی بەرگری پنتاگۆن دزەی کرد و کەوتە ژێر دەستی نیویۆرکتایمز ـ پاڵنەرە سەرەکیەکانی پێش بینی ستراتیژی ئاسایشی قەومی بۆشی کوڕ کرد کە دەڵێت یەکەم ئامانجمان ڕێگە گرتنە لە دووبارە پەیدابوونی کایەبازی نوێ ... کە هەڕەشە بکات, لە دووای هەڕەشەی یەکێتی سۆڤیەت ئێستاکە ستراتیژیمان دەبێ دووبارە جەخت لەسەر ڕێگەگرتن لە هەرکایە بازی تری جیهانی بەتوانا لە ئایندەدا بکەین.38 یەکێك لە نووسەرەکانی دۆکۆمێنتەکە (کە لەلایەن ئیدارەی بۆشی یەکەمەوە ڕەت کرایەوە) پاوڵ وولفۆویتز Paul Wolfowitz، ئەمرۆکە جێگری رامسفیلدە. بەپێی فرانس فێزجیراڵد، ڕامسفیلد بەخۆی پسپۆری. راوێژ کاری چینی بوو لە واشنتۆن و بۆشی (30) سالیش ئەچێ برادەرێتی وەك (سەرۆك جیراڵد) سەرۆکی ستافی فۆردو پاشانیش

وەزیری بەرگرییەتی ، رامسفیلد ئیدارەی فۆردی (1974-1977) گواستەوە بەتوندی بۆ لای راست و هەوڵی (وەزیری دەوڵەتە)ی کیسینجەری پەك خست بۆ لە خۆ گرتنی پەیماننامەی دووەم ی ساڵت SALT كە لە تەقەمەنییە گەردیلەیی کانی زلهێزەکان دەکردەوە.39

چینی ئەمرۆکە ، هەروەها رامسفلیدو وولفۆویتز لەسەرەکیەکانی گروپی روناکبیرانی کۆماری راست رەون کە کارنامەی دەزگای بۆش دادەنێن. ئەوانیتر وەکو گۆندالیزا رایز لە ئەنجومەنی ئاسایش و جۆن بۆڵتۆن، جێگری وەزیری دەوڵەت بۆ کۆنترۆوڵ کردنی چەك و کارو باری نێو دەوڵەتی و ریچارد پێرڵ ، کەبە ئەمیری تاریکی ئەفسانەیی راست رەو بەناوبانگ بوو لەکاتی ریگن، ئەوەی ئێستا سەرۆکایەتی بۆردی سیاسی بەرگری و راوێژکاری دەکات. وەك فیتز جیرالد دەڵێ (ئەوانەی لە شوێنی ناسەرەکیدا بوون لە ئیدارەی باوك لە شوێنی سەرەکیدا لە ئیدارەی کوڕ، ئێستا ئەوا کۆلن پاوڵە، وەکو سەرۆکی سەرۆکایەتی هاوبەشی ستاف کاری دەکرد لەکاتی بۆشی باوك، ئەندازیاری جەنگی کەنداو 1991 دا دەبڕێ کاتێ گفتو گۆ لە پێناو پێك هێنانی هاوپەیمانێتی دەکات) بۆچوونی پاوبڵ کەمێك کاریگەری هەبوو لەدوای چارەنووسە خێراکەی (11ی ئەیلول) بەڵام پاشان زۆر لەنرخی کەم کرایەوەە لەلایەن ئەوانەی بڕوایان وەرگرتنی هەڵوێستی تاك لایانانە بوو لە راست رەوەکان کارنامەکەیان چییە؟

روخساری دەرەوەی راست رەوەکان، جەیمس فالۆز James Fallows وەسفی دەکات "بە رەش بینی و گەش بینی بێ ئارامی لە گەڵ لێپرسینەوەکان پێناسە دەکرێت".41 رەش بینیەکە بە شێوەیەکی سەرەکی لەو باوەڕەدا خۆی دەنواند کە باڵادەستی ئێستای ئەمەریکا هەر زوو دووبەرەکی دەکرێ بە دەرکەوتنی زلهێزی نوێی پێشبڕکێ لەگەڵ ئەمەریکا بکات ئەم خەملاندنە زۆر بە کاریگەرییەوە لەلایەن (ولفۆ وێزەوە)ئاشکرا بوو لە وتەیێك دا بە چاودێری کلنتۆن نوسیبووی لەوێدا بەراوردی لەنێوان سەرکەوتنی دوای ساڵی 1989 لەبارەی بردنەوەی سەرمایەداری لیبراڵی و کۆتایی مێژوو، بۆ ئەو بۆچوونەی زۆر بڵاو بوو لەسەدەی نۆزدە (19) کە گەشەی ئابوری و یەکخستنی نێو دەوڵتی جەنگی کردەوە بەشتی زۆر کۆن.

کۆتایی ئەم سەدە لە کۆتایی دوا سەدە دەچێ لە شێوەیەکی گرنگدا، ئەوەیە کە یەکێك نیشانی پرسیار لەسەر ئومێدە مەزنەکانی بەردەوامی ئاشتی و خۆشی دادەنا کە دەچینە سەدەی (21)ەوە بەدرێژایی پێشکەوتنی ئاشتی و لەبەرچاو کە لە کۆتایی دوو سەدە دا روویدا جیهان زۆر بە توونذی زۆر روونتر نەیدەتوانی دەرکەوتنی هێزی نوێ و زلّ ببا بەرێوە نەك هەر ژاپۆن بەم دووایە بەهێز بوو لە ئاسیا بەڵکو ئەڵمانیاش ، کە تەنانەت بوونی نەبوو لەپێش کۆتایی سەدەی (19) بووە هۆزی باڵا لە ئەوروپا.

ئەمرۆکە کە هەمان گەشەی ئابووری لەبەر چاو کە هەژاری کەم دەکاتەوە بازرگانی فراوانتر دەکات چینی ناوەندی نوێ دروست دەکات، هەروەها هێزی ئابوری نوێش دروست دەکات، هەروەها دەکرێ هێزی سەربازیش دروست بکات ئەمە بەتایبەتی دروستە لە ئاسیا... دەرکەوتنی خودی چین رەنگە کێشەی بە قەبارە بنوێنێ دەرکەوتنی چین لەگەڵ ژمارەیەك هێزی ئاسیایی تر هاوکێشەیەکی یەکجار ئاڵۆز دەنوینێ لەحاڵەتی چین توخمە دیارەکەی ئاسیا دەرکی هەیە بۆ گەراندنەوە بۆ دوا وەرچەرخانی سەدەیەك، هاوشێوەیی دیارو لێکچوونی لە گەڵ ئەڵمانیایە، ووڵاتێك كە

هەست بەوە دەكات ، شوێنی لەبەر خۆو نكۆڵی لێكراو، لەو بڕوایە دایە كە هێزەكانی تر مامەڵەی خراپیان لەگەڵ كردووە، لەسەر ئەوە سورە مافی شوێنی خۆی بەدەست بهێنێ بەجەختیقەومی.42

ئەوە ئەم تێروانینی مێژووییە جیهانییەیە كە بە سەر قاڵ بوونی تیمی بۆش دەڵێ كە خەریكی سەپاندنی هێزی ئەمەریكی سەربازییە بۆ بلۆك كردنی سەرهەڵدانی كایە بازی كاران (متحديون) وەك (زەڵمای خەلیل زادە) یەكێكە لە ستافی چینی (Cheney) لە سەرەتاكانی ساڵی 1990 و ئێستاش یارمەتی تایبەت بۆ سەرۆك پێشكەش دەكات سەبارەت بەرۆژ هەڵاتی نزیك و ئاسیای باشوری رۆژ ئاوا كاروباری ئەفریقیای باكور دەڵێ ، لە بەرژەوەندی زیندووی ئەمریكایە بە ئارەزووی بەكار هێنانی هێز بێ لەكاتی پێویست بۆ رێگە گرتن لە كاتی سەرهەڵدانی هێزێكی دووبورەكی كەری جیهانی تر تا ئایندەیەكی نادیار. 43 كۆمیوسۆنێك تیایدا (وۆلفۆیز لە نێو گالەری ئایدیالۆكەكانی كۆماری) كەپێك هات لەلایەن پرۆژەیەكی راست رەوەكان بۆ سەدەی ئەمەریكی نوێ بۆ چاو پێخشاندنەوە ستراتیژی بەرگری ئەمەریكی كە لە ساڵی 2000 ئاگادار كراوەتەوە.

لەم كاتەدا وولایەتە یەكگرتووەكان رووبەرووی هیچ كایەبازێكی جیهانی نەبۆتەوە. ستراتیژی گەورەی ئەمەریكی بە باشتر دەزانێ ئامانجی پارێزگاری كردن و درێژ كردنەوەی ئەم شوێنە سوود مەندە بكات هەرچەندە دەكرێ تا كاتێكی درێژتر لە ئایندەدا. سەرەڕاش هەندێ دەوڵەتی بەهێز هەن كە بەم بارو دۆخەی ئێستا رازینین و پەرۆشن بۆ گۆڕینی، ئەگەر پێیان بكرێ بە ئاراستەیەكی بەرن كە باری ئازاد و خۆشی و ئاشتی كە تارادەیەك هەیە بخەنە مەترسییەوە كە ئەمرۆكە جیهان بەخۆیەوە دەبینێ. تا ئێستاكە ئەمانە رێگەیان لێگیراوە بە تواناداری و بوونی جیهانی هێزی سەربازی ئەمەریكی بەڵام هەركە ئەم هێزە بەبەرو لاوازی بچێ، بە شێوەی رێژەیی و موتلەق، بارو دۆخی شادی كە لەم هێزەوە پەیدا دەبن بە تەئكیدەوە بەرەو فشەڵ دەچێ. 44

پاڵنەری پارێزگاری كردن و كۆنترۆڵ كردنی ئەمەریكی بۆ وولاتێكی تر ئاگادار ئەكرێتەوە بە هەست كردن بە لاوازییەك كە ئەشێ لە ئایندەیەكی دوور رروبدات بەڵام هەروەها ئەم پاڵنەرە توند كرایە بڕوایەك كە لە بەرهەمی جەنگی ساردەوە بەدەست دەگا لەلایەكەوە.

كە ئەمەریكا رووبەرووی دوژمنێ نەگریسی دەبێ ، دەتوانێ بباتەوە. بێگومان ئەمەش رووخانی یەكێتی سۆڤیت دەیسەلمێنێ (رۆناڵدرێگن) چووە ئۆفیسەكەیەوە داوای ئاشتبوونەوەی نەكرد بەڵكو سەركەوتن بەسەر ئیمپراتۆریەتی شەڕی كرد. دوای دە(10)ساڵی تر ئیمپراتۆریەتی ئیمپراتۆریەكە كە دیار نەما. نزیكەی هەموو ئەندامانی ئەمرۆی سەركردایەتی بەرگری بەشێك بوون لە تیمی رێگن. بیرەوەری یەكەی ئەو سەركەوتنە لە پشتی بەڵێنەكەی جۆرج w بۆشە كە تیرۆرستان نەك هەر كۆنترۆڵ بكرێن وەكو تلیاك فرۆش ، بەڵكو لێبدرێن و وەكو نازی و سۆڤیەتیەكان. 45

ئەم بڕوایە بەهێزتر بوو بەو سەركەوتنانەی سەربازی ئەمەریكی بە دەستیهێنا پاش سەردەمی جەنگی سارد ، بەتایبەتی رۆڵی هێزی ئاسمانی لەسەركەوتنی ئاسایشی دژ بە عێراق لە 1991 ، یۆغسلافیا لە ساڵی 1999 هەروەها لە ئەفغانستان لە ساڵی 2001 تەنانەت پێش (11ی سیبتەمبەریش) رامسفێلدی تێدەكۆشا بۆ ناچار كردنی بەرهەڵستیەكان پنتاگۆن بە گۆڕینی شێوی سەربازی ئەمەریكا ئەمەش تیایدا بەكار هێنانی شۆرش لەكارو باری سەربازی، كە رێگەی ئاسانتر دەكرد بەتایبەتی پێشكەوتنی تەكنەلۆژیای زانیاری بۆ دووبارە رێكخستنەوەی هێزە

چەکدارەکانی ئەمەریکی بۆ یەکەکانی تایبەت کە تارادەیەك بچووك کە شێوازی جۆراو جۆری هێزی ئاسمانی لە بە کارهێنانی تەقەمەنی ئاراستەکراوی زۆر وورد پاڵپشتی دەکرد لە ووتەیەکی سەرەکیدا لە کانوونی یەکەمی ساڵی 2002، رامسفێڵد بەراوردی هێرشەکەی سەرمەزار شەریفی بە هاوپەیمانێتی باکورو هێزە تایبەتیەکانی ئەمەریکار کرد لەماوەی جەنگی ئەفغان بۆ نازی بلێتس گریج Blitzkrieg لە ساڵانی (1939 1941)؛

ئەوەی شۆرش گێری و بێ نموونە بوو لەبارەی بلێتس گریج توانا نوێکانی ئەڵمانی نەبوو کە بە کاریان هێنا، بەڵکو زیاتر ئەو شێوازی بێ نموونەیی و شورش گێرییە بوو کەتواناى نوێی لە بەردەستیان تێکەڵ کرد بەهەمان شێوە جەنگی مەزار جەنگێکی گورانی بوو.

هێزەکانی هاوپەیمانان توانای سەربازی کە لە بەر دەستدا بوو وەرگرت هەر لە چەکی ئاراستە کراو بە لێزەر بۆ (B 52) تەمەن چل ساڵ تەنانەت تارادەیەکی زۆر دواکەوتوو تا بەکار هێنانی پیاو لەسەر پشتی ئەسپ بەکار هاتن بە شێوەیەك کە پێشتر شتی وا نەبوو بە لە ناو بردنی شوێنەکانی دوژمن بە شێوەیەکی کاریگەر و بە لێدانی ورەی دوژمن و ئەو جار دەبێتە هۆی نەگریسی شەر لە جیهاندا. 47

هەمان بڕوا لە ئازایەتی و لیێهاتوویی سەربازی ئەمەریکی لەجەخت کردنی (ریچالد پێر) رەنگی دایەوە کە هەر (40000) سەربازی ئەمەریکی پێویست دەکات بۆ روخانی سەدام حوسێن: "وتیشی پێم سەیر دەبێ کە ئەگەر پێویستمان بە ژمارەیەکی سەرباز وەك (20000) هەزار ببێ کە هەندێ جار لە رۆژنامەکان باسی لێوە دەکرێ هێزێکی زۆر بچوکتر بە شێوەیەکی سەرەکی هێزی چالاکیە تایبەتیەکانی بەڵام پاڵپشت بکرێن بە هەندێ یەکەی نیزامی بەسە.48" دوای رووخانی تالیبان تیمەکەی بۆش بڕوایان وایە هەر شتێك بکەن؟

### ئەمریکا لە دژی ئەورووپا

ئەم بڕوایە کە پێمان دەڵێت ئەوەی فالۆز Fallows وەسفی دەکات وەکو بێ ئارامی یان لە گەڵ لێپرسینەوە لە یەکەم شوێندا، تەنانەت کەمتر لە دیمۆکراتی و کۆمارییەکانی پێشوو ئارەزووی پێشکەش کردنی خزمەت گوزاری راگەیاند بیکەن بۆ پەیمانگە نێو دەوڵەتی یەکان جۆن بۆڵتۆن بەووردی ئەم هەڵوێستەی کورت کردەوە کاتێك ووتی، "لێرە شتێ نی‌یە وەکو نەتەوە یەکگرتووەکان لێرە کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی هەیە کە دەکرێ بچێ بەرێوە لەلایەن تەنها هێزی راستی کە لە جیهان ماوە، ئەویش کە ئەمەریکایە، کاتێك لەبەرژەوەندی ئێمە دایە و کاتێکیش کە دەتوانین خەڵکانی تر واڵی بکەین لە جێبەجێ کردنی پلان و پرۆژەکان بەردەوام بن."49

ئەم نموونەیە گۆرانێك دەنوێنێ لە جەختی زیاتر لە وەستانێك لە گەڵ رابردوو. هەروەك پێش بینیمان، ئیدارەی کلینتۆن بەشی ئەو ئامادە بوو لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەرباز بێ و کردەوەی تاك لایەنانە وەرگرێ لەکاتی پێویست بەلام ئیدارەی بۆشی کوڕ زیاتر کراوەیە لەو سوکایەتی کردنەی دەری دەبڕێ بەرامبەر دەوڵەتە سەرمایەدارە رابەرەکانی ئەورووپای رۆژ ئاواو ئاسیای رۆش هەلات هەر زوو ئەمە خۆی کردە بە کۆمەڵێك کێشمە کێش لەگەڵ یەکێتی ئەروپا سەرەبارەت بە پرۆتۆکۆڵی (کیوتۆ)، بارزگانی بەتایبەتی دانانی باجە لەسەر مادەی ستیل لەلایەن ئەمەریکاوە هەروەها بەرهەڵستی ئەمەریکی بۆ دادگای تاوانبارانی نێو دەوڵەتی ئەم سوکایەتیە کە کۆمارییە راست

ڕەوەکان بەرامبەر ئەورووپییەکان دەیان کرد پێڕڵ Perle بە ڕاشکاوییەوە قسەی لێکرد, ئەوەی وەکو ڕاوێشکاری بێ مووچە بە ئیدارەکە دەتوانێ بەئاشکرا قسە بکات پرسیاری لێکرا ئایا ئەمەریکا پێویسی بەیارمەتی ئەوروپی بوو بۆ ڕووخانی سەدام, وەڵامی دایەوە کە هەمان دیاردە کە ئەورووپییەکان دەگەیەنێتە ئەوەی لە سەدام حسێن ببورن.

واتا ڕازین بەوەی هەرکەسێك لەدەسەلاتدابێت ئەمەش دەیانگەیێنێتە ئەو شوێنەی کە پاڵپشتی ڕژێمی دوای سەدام بکەن زوو دەگۆڕێن... هەموو شتێ دەکەن لە پێناو بەرژەوەندیان . مەبەستم ئەوەیە ئێستاکە هەموو وتێلەکان لە یەغداد پربوونی لێیان بۆ ئیمزا کردنی ئەو کۆنتراتانەی کە دەکەوێتەوە کارەوە دوای هەڵگرتنی ئابلوقەی ئابووری لە هەمان هوتێلەکان دەبن بەدوای هەمان کۆنتراتەکان دەگەرێن لەگەڵ ڕژێمی دوای سەدام. 50

هەندێ جار ئەم سوکایەتی کردنەی دەرهەق بە ئەورووپییەکان دەگۆڕێ بۆ دژایەتی کردنێکی بێ شەرمانە، هەروەك زۆر بە کارتێکەریەوە وروژێنرا لەلایەن ئەناتۆڵ لیڤن، ڕۆژنامەوانیەکی بەریتانی کە پەیوەندییەکی باشی هەیە لە گەڵ کۆماری ڕاست ڕەوەکان پاش 9\11 ووتی:

کەمێك دوای ئەوەی ئیدارەی بۆش دەسەلاتی وەرگرت لە کانونی یەکەم، دەعوەت کرام بۆ چێشخانەیەك بریقەدار لە نیویۆرك لەلایەن کۆمەڵێ لەسەر نووسەرو نووسەری ڕۆژنامەی بە ناوبانگی ڕاست ڕەوی ئەمەریکی بەهێز خواردن و خواردنەوەی زۆر گران و دیکۆرەکەی سەیرو سەمەرە بەڵام نهێنی (کلینتیل) بە جوانی پۆشاکی لەبەر کردبوو زۆربەی قسەو باسەکە زیاتر لە بێ مانایی هیچی تر نەبوو لەگەڵ تەماشاکردنی گەورەترین بەشی جیهان لەدەرەوەی ئەمەریکا هەڵویستی ئەوانە منیان دەعوەت کردبوو ئاوێتە بوو لە قیزکردنەوەو سوکایەتی کردن هەروەها بێمتمانەیی و ترس. نەك بەس تەنها بەرامبەر عەرەب و ڕوسیەکان وچینی وفەرەنسی و ئەوانی تر بەڵکو بەرامبەر بە حکومەتە سۆشیالیستی یەکانی ئەورووپا, هەر کەسێ دژیان بوەستێ ئەم لەگەڵ ئارەزوویەکی توندا بەرێوەچوو لە تیۆردا بەلایەنی کەمەوە تا دەست کردن بە کردەی سەربازی دژی زنجیرەیەکی درێژ لە ووڵاتان لە هەموو جیهان.51

لیڤن Lieven قسەی لە سیاسەتمەداری سەرکردایەتی کردنی کۆمارییەکان وەرگرت کە پرسیار دەکات و دەڵێ کێ ئەڵێ ئێمە بەهای هاوبەشمان هەیە لەگەڵ ئەورووپییەکان؟ تەنانەت بۆ کەنیسە ناچن ڕۆبەرت کاگان، هاورێی لیفن لە کاروباری ئاینی کارنیجی پارێزگاران بۆ ئاشتی نێو دەوڵەتی بە شێوەیەك لە شێوەکان شیکردنەوەیەکی ئاڵۆزی پەرە پێدا بەپێی ئەمە بەباشی زانینی ئەمەریکیەکان کارکردنی تاك ڕەوی و پابەند بوونی ئەورووپییەکان بۆ کار کردنە فرەلایەنانە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ "کەلێنی هێز" لە نێوان هەردوو لادا.

کێشەکانی ئەمرۆکەی ئەوپەری ئەتڵەسی ... کێشەی جۆرج بۆش نییە بەڵکووکێشەی هێزی سەربازی ئەمەریکی ئارەزووی بەکار هێنانی هێزی خوڵقاند لاوازی ئەورووپاش دژایەتیەکی وای خولقاند بەرامبەر بەکار هێنانی هێزی چەکداری کە تەواو دەکرێ لێی تێبگەین بەرژەوەندییەکی ئەورووپی بەهێزی خولقاندلە جێ نشین کردنی ئەم جیهان لە شوێنێك هێز گرنگ نییە ، لەشوێنێك یاساو پەیمانگە نێو دەوڵەتیەکان پێویستی لە شوێنێك کردەوەی تاك لایەنانە لە لایەن کردەوەی بەهێزەوە قەدەغەیە لە شوێنێك هەموو نەتەوەکان بێ گوێ دانە هێزیان مافی یەکسانیان هەیە بە یەکسانیش یاسا نێو دەوڵەتیەکاتی هەڵسوکەوت (مامەڵە کردنە) کە بە گشتی لە سەری کۆکن پارێزگاریان لێئەکەن ئەورووپییەکان بەرژەوەندییەکی قوڵیان هەیە لە بێ نرخ کردن و لە کۆتایشدا نەهێشتنی یاسا درندەکانی کۆن کە بەجیهانی (هۆبیسیە )کان ناسراوە کە تیایدا هێز ئەو پەری ڕۆڵ دەبینێ لە سەرکەوتنەکان و ئاسایشی قەومی. 52

کاگا گفتوگۆی ئەوەی دەکات کەئەم ئاکامانەی جیاوازیەکان لە هێزی ماتریالی نێوان ئەمەریکاو و ئەوروپا بەهێزتربوو بە پێشکەوتنی پرۆسەی یەکێتی پەیمانگا فرە لایەنەکان کە هانی ئاشت بوونەوەی بەرژەوەندی قەومی دەدات . بەلاَم هێمن کردنەوەی پێشبرکێی نێوان دەوڵەتەکانی ئەوروپا پشتی بە چەتری سەربازی ئەمەریکی دەبەست.

بەدابین کردنی ئاسایش لەدەرەوە. ئەمەریکا بە ناپێویستی لەقەڵەم دا بۆە حکومەتی قەومی زیاد رۆی ئەوروپا... بارودۆخە ئێستا دەڵەمەندە لە گاڵتەجاری رەتکردنەوەی ئەورووپی بۆ سیاسەتەکانی هێز، بێ نرخە کردنی هێزی چەکداری وەك ئامێری پەیوەندییە نێو دەوزڵەتیەکان، پشتی بە بوونی هێزی سەربازی ئەمەریکی بەست لەسەر خاکی ئەوروپا. رێای کانتی نوێ ئەورووپی دەتوانێجێبەجێ ببێ تەنها لە ژێر چەتری هێزی ئەمریکی کە مومارەسە کراوە بەپێی ئەحکامەکانی ڕیسای هۆبیسیکۆن . هێزی ئەمەریکی ئەگەری ئەوەی ئاسان کرد بۆ ئەو رووپیەکان بڕوا بکەن کە ئەو هێزە چیتر گرنگ نییە. 53

لەسەر بناغەی ئەم لێکدانەوەیە کاگان Kagan ئەم بیرۆکەیە دەخاتە ژێر رەخنەوە، پەرەی پێ درا لەلایەن فرانسیس فۆکۆیاما Francis Fukuyama و هاوڕێیانی وەکو دیبلوماتی بەریتانی (ڕۆبیرت کووپەر) کە لە گەڵ کۆتاییەکەی مێژوو، سەرمایەداری پێشکەوتوو چووە پاش مۆدێرنێکە وە پاش مێژوویی سەردەم کە لە ناو ئەم دا جەنگ کۆنەبووە لە ناو ئەم بلۆکە تەنانەت هەتاکو لەوانەیە هێشتاکە جەنگ هەڕەشەیەك بێ لە مۆدێرن دا یان تەنان لە بەشی پێش مۆدێرنیئەم جیهانە.54 ئەوروپا لەوانەیە بە راستی لە پشتی مێژووەوە بێ کاگان دەڵێ:

بەلاَم لەگەڵ ئەوەی ئەمەریکا رۆلێکی گرنگی بینی لە بردنی ئەوروپا بۆ ناو بەهەشتی کانت و هێشتاکەش ئەم رۆڵە سەرەکیە دەبینی بۆ دروست کردنی ئەگەری ئەو بەهەشتە، بەلاَم بەخۆی ناتوانێ بچێتە ناو ئەم بەهەشتەوە. بەسەر دیوارەکاندا سەر دەکەوێ بەلاَم ناتوانێ لە دەرگا کەوە رێ بکا ئەمەریکا لە گەڵ هەموو ئەو هێزە مەزنەی دا بەچەقیوی دەمێنێتەوە لە مێژوودا بەجێ ماوە مامەڵە لە گەڵ سەدام و ئایەتووڵاو، کیم جۆنگ ی دووەم و جیانگ زیمتنز، بکات قازانجی شادی یش بۆ ئەوانی تربەجێ دەهێڵێ. 55

ئەم خودی وێنەیەی ئەمەریکا وەکو زەحمەتی سەربازی لەسەر شانی هەڵبگرێ داواکراوە بۆ پاراستنی بەزم و سەیرانی ئەورووپی یەکان لە بەهەشتی پاش مۆدێرن بە شێوەیەکی ئاسایی تووڕە بوون زیاد دەکات هەندێ لە گرژیەکانی ژێرەوە دەتەقنەوە سەر ڕووکەش کاتێك رووبەرووی دۆرانی سنتەمبەری 2002 دەبنەوە لە هەڵبژاردنی فیدراڵیدا راوێژکاری ئەڵمانی (جیرهار شرێدەر) حوکمی پارتی دیموکراتی سۆسیالیستی بەتوندی بەرێوەبرد لەبەر هەڵستی کردنی هێرشی ئەمەریکی بۆ سەر عێراق دووای لێك چوواندنی وەزیری دادی ئەڵمانی بۆش بە هیتلەر، کۆندۆلیزارایس ووتی کەسێك کە دروست کرا ... ژەهراوی دەکرێ. 56 لە کاتێکا شرۆیدەر ئاهەنگی بردنەوەی تەسکەکەی لەبەرلین دەگێرا، دۆناڵ ررامسفیلد بەمەبەستەوە بۆنەی کۆبوونەوەی ناتۆی قۆستەوە لە وارشۆ بۆ دوویات کردنەوەی, گازەندە ریچاردی لەمەش زیاتر ڕۆشت بە ئاشکرا ووتی باشترین شت کە شرۆیدەر بیکات بۆ گەرانەوەی پەیوەندیەکانی ئەمەریکا – ئەڵمانیا ئەوەیە واز لەکاربهێنێ. 57

### ئیمپریا لیزمی بازاری ئازاد

بۆچوونە مێژوویی یە- جیهانیەکەیان تیمی بۆشی گەیاندە ئەوێ کە بگەنە ئەو ئەنجامەی کە پەنجەرەی هەڵ کراوەتەوە لەسەر پشت کەلێیەوە بالأدەستی سەربازی ئەمەریکی بتوانن بەکاربهێنن بۆ چاك کردنی شوێنی ناو بەرنامەی دوورو درێژی سەرمایەداری ئەمەریکی (11ی ئەیلول) و جەنگی دژی تیرۆر بۆنەی ئەم هەوڵەی رەخساند بەڵام ئەمەریکا لە دووای گەمەیەکی گەورەتر لە خۆدزینەوەی بن لادن و تۆڕەکەی قاعیدەیە، کەرتی سەرەکی ئیدارەی بۆش بۆ ستراتیژی ئاسایشی قەومی هۆشیاریەك دەدات:

ئێمە ئاگادارین لە ئەگەری دووبارە بوونەوەی نموونەکانی پێشبرکێی زلّ هێزەکان زۆر لە زلهێزی بە توانا ئێستاکە لە ناوەراستی تێپەربوونی ناو خۆییدان لەهەموویان گرنتر (روسیاو هیندو چین)ە.

لە کاتێکا سوورە لەوەی کە ئەم هێزانە بەرژەوەندی و بەهای هاوبەشیان هەیە لەگەڵ ئەمەریکا دۆکۆمێنتەکە ئاگاداری یەکی زۆر دیاری کراو و ئاراستەی بیجینگ Beijing دەکات:

چارەگە سەدەیەك دوا دەست پێکردنی پرۆسەی تۆمەت بارکردنی کەلە پوری کۆمۆنیستی بەخراپترین سەرکردەکانی چین هێشتاکە هەنگاوی دووەمیان نەناوە لەمافە هەڵبژاردەکانی مەبدەئی لەبارەی خاسیەتی دەوڵەتەکە یانەوە لە بە دوواچوونی توانای سەربازی پێشکەوتوو کە دەتوانێ هەرەشە لە دراوسێ کانی بکات لەهەرێمی پاسفیکی ئاسیا، چین بە رێگایەکی هەڵەدا دەڕوات لە کۆتایدا، کۆت و بەند لەسەر بەدووا داچوونی مەزنی قەومی دادەنێ لەکاتی خۆیدا، چین بۆی دەردەکەوێ کە ئازادی سیاسی و کۆمەڵایەتی تەنها سەرچاوەی ئەو مەزنی‌یەیە. 58

بە ووشەی تر ئەو راگشتی‌یەی کە بۆش و راوێژکارانی بە دوایدا دەگەرێن لە نێو زلهێزەکانی تردا یەکێکە لەزاراوە ئەمەریکی یەکان ئەمەش ڕاستە لە بواری سەربازی تەنها ئەمەریکا بۆی هەیە توانای سەربازی پێشکەوتوو پەرەپێبدا. کۆمیسیۆنی راست رەوەکانی کۆماری لەسەر ستراتیژی بەرگری جەختی کرد لەسەر :

ئەوەی لە کۆتایدا قەبارەو خاسیەتی هێزی گەردیلەیی مان دەبات بەرو پێ، یوکسانی ژمارەیی نی‌یە لەگەڵ توانای رووسی بەڵکو پاراستنی ستراتیژی ئەمەریکی بالأیە و لەگەڵ ئەو بالأ دەستی‌یەش توانای رێگە گرتنە لە ئەگەری هاوپەیمانانی دوژمن کاری خاوەن هێزی گەردیلەیی هیچ شەرمێکیان نی‌یە لەبالا دەستی گەردیلەیی ئەمەریکی لە جیهانێکی ئالۆزترو بێ سەروبەر.59

بە رۆشنایی ئەم دێرانە زەحمەتە سەر سورمانی ئەوە بین کە رووسیا و چین ئەترسێن لە هەڵوەشانەوەی پەیماننامەی ئەی بی ئێم(A B M) وپێکهێنانی سیستەمی بەرگری قەومی لەلایەن ئیدارەی بۆشەوە، دانراوە بۆ بەخشینی ئەمەریکا توانای یەکەم لێدانی گەردیلەیی کە درێژە بە بالأدەستی ئەمەریکی دەدات. بە داوا کردنی، پێشکەوتنی خێرا، لەبەرو پێش چوونی بەرگری موشەکی ئەمەریکی، پاوڵ وّلفۆیتز شانازی پێوە کرد لە ئۆکتۆبەری 2002، ووتی ئەمەریکا لە کۆتاییدا ئازادە لەبەدوا داچوونی مووشەکی بێ کۆت و بەندی دەست کردی (30)ساڵ پەیماننامەی کۆنی لەگەڵ وولاتێك کەچیتر بونی نی‌یە. 60 چاوپێدا خشانەوەی لەخۆبایی بوونی گەردیلیی ئیدارەکە، هەمان ساڵ دزەی کرد، روسیا و چین و کۆریای باکور و ئێران و عێراق و سوریا و لیبیا چووبوونە لیستەوە وەك

دوژمنانی خاوەن توانای گەردیلەیی و پێشنیاری یەکێتی توانای تەڤیلیدیو گەردیلەیی کرد... بۆ نموونە، زیاد کردنی سەری گەردیلەی بۆ چەکی بەنکەر بەستەر (Bunlcor - Bnster ) بۆ کوشتنی سەرکردەکانی دوژمن دانرا بوو وەکو سەدام حوسێن. 61

لەم کاتەدا جەنگی دژی تیرۆر هەلێکی بە ئەمریکا بەخشی بۆ دامەزراندنی ئەلقەیەك لە بنکەی سەربازی لەچەقی ئاسیا هەرێمێکی نزیك لە ماوەی جەنگی سارد ... و گەڕانەوەی سەربازەکانی بۆ فلیپین، لەو شوێنەی بنکەکانی ئەمەریکا لە سەرەتاکانی ساڵەکانی 1990 دا خرابوون . 62 ستراتیژی ئاسایشی قەومی جەخت دەکات کە ئەمە پەرە پێ دانێکی کاتی نیە دەڵێ: بۆ بەربەرەکانی کردنی گومان و دابین کردنی ئاسایشێ جۆراو جۆر ڕووبەڕووی کایەبازی دەبینەوە، ئەمەریکا داوای وێستکەو بنکە دەکات لە ناو پشتی ئەورووپای ڕۆژئاواو ئاسیای باکوری ڕۆژهەڵات لە ئایندە، هەروەها پێویستی بە گەیاندنی ڕێك و پێك کارییە بۆ شوێنە دوورەکانی هێزەکانی ئەمەریکی بلاوبووە. 63 کەس ناتوانێ لۆمەی دەسەڵات دارانی چینی بکات کاتێك بینیان ئەم جموجۆڵانە وەکو قۆناغی یەکەمی ستراتیژیەکی بازنە کێشان کەئاراستەی یان کراوە دەژین.

بەڵام گرنگە ببینی ستراتیژی گەورەی مەبەستی بە ئاسانی نەك هەرپاراستی باڵا دەستی ئیدارەکەی بۆش. جیوپۆلیتیکی ئەمەریکی یە، بەڵکو مەبەستی سەپاندنی مۆدێلی بازاری ئازادی ئەنگلۆ – ئەمەریکیە پێشەکیەکەی بۆش بۆ ستراتیژی ئاسایشی قەومی دەست پێدەکات بەجەخت کردن لەسەر دووبەرەکی گەورەی سەدەی (20) لە نێوان ئازادی و تۆتالیتاریزم کۆتایی هات بە بردنەوەیەکی یەك لاکەرەوەی هێزەکانی ئازادی- و کە تاکە مۆدێلی بە هێز بۆ سەرکەوتنی قەومی : ئازادی و دیموکراسی و کۆمپانیای ئازاد بۆش بەردەوامە لەبەڵێن دانی مەبەست لە دروست کردنی هاوسەنگی یەکی هێز کە ئازادی مرۆڤ بەباشتر دەزانێ بارودۆخێك کە تیایدا هەموو نەتەوەکان و کۆمەڵگەکان دەتوانن بۆ خۆیان هەڵبژێرن خەلاتکردن و کایە بازی ئازادی ئابووری و سیاسی. بەشێك لە دۆکۆمێنتەکە تەخان کراوە بۆ دیاری کردنی هێلەکانی سیاسەتەکانی لیبرالی نوێ کە سەر دەمێکی نوێ ی گرتێ بەردا لە گەشەی جیهانی بازاری ئازادو بازرگانی ئازاد، دۆکۆمێنتە کە هەروەها باس لەوە دەکات کە ستراتیژی ئاسایشی قەومی ئەمەریکا پابەندی نێو دەوڵەتیخوازیەکی ئەمەریکی دیار دەبێ کە ڕەنگدانەوەی یەکێتی بەهاو سەرکەوتنی قەومی مان دەبێ ئەمەش پێویستی بە جۆری تایبەتی دەبێ لە نێو دەوڵەتخوازی کە ڕێگە بە خەلکی دەدات ئازاد بن لە هەڵبژاردنی مۆدێلێکی تر و خۆراگری سەرکەوتنی قەومی شێوازی ئەمەریکی ڕێگەوە سەرمایەداری بکرێ. سەردەمێکی نوێی پێشبرکێی زل هێزەکانی دەکرێ لێ دەربازبین بەمەرجێك کایەبازانی بە توانا وەکو ڕووسیا وچین ئیمزای بەها هاوبەشەکان دەکەن بێ گومان واتە بەها سەرمایەداری ئازادەکانی ئەمەریکا . 64

ڕۆبێرت وایدی ئابووری زانی لیبرالی چەپ ڕەو وێنەیەکی جوانی بوارەکەی کێش کە لەم بوارەدا بنیاتی ئابووری جیهانی لە ڕووخانی سیستەمی دارستانەکانی بریتۆن وە لەسەرەتای 1970 ەوە لە گەڵ بەرژەوەندی ئیمپریالیزمی ئەمەریکیدا.

وا دابنێ تۆ ئیمپراتۆرێکی ڕۆمانی ڕۆژی مودێرنی، سەرکردەی بەهێزترین وولات لەجیهانی دەوڵەتانی خاوەن شاو بازارەکانی نێو دەوڵەتی. چی ئابورییەکی سیاسی نێودەوڵەتی دەخولقێنێ تا بێ فرێدانی قورسایەکی زۆر بەم لاو ئەو لایدا، هێزەکانی بازاری سروشتی باڵادەستی ئابووری وولاتەکەت، ڕێگە بە هاوولاتیەکانت بدات کەلوپەلی زیاتر بەکاربهێنن لەوەی کە دروستی دەکەن وە لە کایەبازیش بەریتەوە؟

تۆ ئۆتۆنۆمیت دەویٚ بۆ بریاردان لە سەر ریٚژەی ئاڵووگۆری تیٚکرای  سیاسەتی دارایی ، لە کاتیٚکا وا لە وولاتانی تر دەکەیت پشت بە یارمەتی تۆ ببەستن لە بەریٚوە بردنی ئابووریان، دەتەویٚ بە توانایی لە ئەندازەکردنی گۆرانکاری و قەیرانە ئابوریەکان لە هەموو شویٚنیٚکی تری جیهان بۆ ریٚگە گرتن لە گەشە کردنی مەڵبەندەکان کە لە وانەیە پیٚشبرکیٚی بالادەستیت بکەن پیٚویستت پیٚشبرکییەکی توند هەیە لە نیٚوان ئەوانە هەناردە دەکەن لە هەموو شویٚنیٚکی تری جیهان بۆ ئەوەی تیٚ رژانیٚ لە هاووردەت بداتیٚ بە بەردەوامی بە نرخیٚکی داشکاو ریٚژەیی بیٚ بە نیسبەت نرخی ئەو شتوومەکانەی کە دەینیٚریتە دەرەوە.

چ پیٚشبینی داهاتوویەکی بە هیٚز دەکەی لە ناو ئابووری سیاسی نیٚودەوڵەتی؟

یەکەم، جووڵەی سەرمایەداری ئازاد . دووەم: بازرگانی ئازاد (جگە لە هاووردەکان کە هەڕەشە لە کارگە ناوخۆیی یەکان دەکات گرنگن بۆ دووبارە هەڵبژاردنەوە). سییەم: سەرمایە گوزاری کردنی نیٚو دەوڵەتی ئازاد لەهەر بابەش زانینی جیاوازی کەرانەی کۆمپانیا قەمیەکان لەریٚ پاریٚزگاری کردنەوە، دەست کەوتنی گشتی، مافی هەبوونی گشتی و هی تریش لە گەڵ جەخت کردنیٚکی تایبەتی ئازادی کۆمپانیاکان بۆ دەست کەوتنی داب و نەریتی هەڵبژاردەی قەومی بۆ بەریٚەبردنی دەست کەوتەکانی دارایی، پەروەردەی تایبەتیان، چاودیٚری تەندروستی، مووچەی خانەنشینی، و لەم جۆرە.. چوارەم: دراوەکەت وەکو دراوی پاریٚزراوی سەرەکی. پیٚنجەم: نەبوونی کۆت و بەند کردنی توانای دروستکردنی دراو بە ئازادی (وەك پەیوەندی دۆلار – ئالتون) بەو شیوەیە دەتوانیٚ دارایی کەم و کورتیەکانی بازاری بیٚ سنوور بکەی لە گەڵ هەموو جیهان. شەشەم: قەرزدانی نیٚو دەوڵەتی بەرامبەر قازانجی کریٚ کانی جۆراو جۆر باڵ دەکیٚشیٚ لە دراوەکەت، ئەوە دەگەیەنیٚ وولاتانی قەرزدار لە قەیرانەکاندا دەبیٚ زیاتر پیٚ بدەن کاتیٚك توانات کەمترە ئەم پیٚکەوە گریٚ دانە ریٚگەت پیٚ دەدا شتوومەکیٚکی زیاتر بە کاربهیٚنن وەك لەوەی دروستی دەکەی (و مانگانە لەق بوونی باری دارایی دەخەلقیٚنیٚ هەروەها قەیران دروست دەکات لە هەموو شویٚنیٚکی تری جیهان ) بۆ سەرپەرشتی کردن  چوار چیٚوەی نیٚو دەوڵەتی پیٚویست بە ریٚکخراوە نیٚو دەوڵەتیەکان هەیە کە لە هاوکاری هاوبەشی دەوڵەتانی ئەندام دەچیٚ و شەرعی یەتی فرەلایەنە وەردەگریٚ بەڵام دارایی کردنەکەی بە جۆریٚکە ریٚگەت دەداتیٚ کۆنترۆڵی بکەیت. 65

ئەمە وەسفیٚکە ئەوەی پیٚتەر گۆوان Peter Gowan ناوی لیٚ دەنیٚ رژیٚمی شەقامی دۆلار – دیوار (DWSR) کە بەم ئیدارە یەك لە دووای یەکەکانی ئەمەریکا لە نیکسۆن بەرەو سەرەوە بە دووای گەڕان ریٚکخستنی بازارە دارایی یە جیهانییەکان بۆ سی (30) ساڵی رابردوو. 66          ئەم رژیٚمە زیاد لە رادەی خۆی باسی لیٚ کرا لە سیٚ رووەوە:

یەکەم: گۆوان Gowan بە تایبەتی روونکردنەوەیەك نهیٚنی بیٚ شەرعی دەدات کە چۆن (DWSR) پەرەی سەند و رووی دا (بۆنموونە، دووترلە سەرکەتنی نەبینراوی بەرنامەی بە تایبەتی کردنی حکومەتی تاچە) و نویٚ کردنەوەکان کە ئاکتەر ە داراییەکان دروستیان کردبوو سەرەرای ئەمەش رۆلیٚکی گرنگی بینی لە چیرۆکیك زیاتر،هەروەك رۆبەرت برینەر بەجەخت کردنەوە گفتووگۆی مەرکەزییەتی دۆلاری کرد کە جیٚگیر نەکراوە لە ژیٚر بۆ سیستەمی دارایی نیٚو دەوڵەتی هەمیشە لە قازانجی سەرمایەداری ئەمەریکا کاری نەکردووە. لە سیٚبتیٚمبەری 1985دا پلازا ئاکۆرد لە نیٚو دەوڵەتانی سەرمایەداری رابەر زیانی بە دۆلار گەیاند کە گرنگ بوو بۆ چاکردنەوەی پیٚشبرکیٚ ی نیٚو دەوڵەتی ئەمەریکی. بەڵام ئەوەی برینەر ناوی لیٚ ناوە پلازا ئاکۆردی پیٚچەوانەیە دووای (10)دە ساڵ کاتیٚ ئیدارەی

کلینتۆن سیاسەتێکی دۆلاری بە هێزی گرتە بەر تەرخان کرابوو بۆ ژیانەوەی ئابووری ژاپۆنی مردوو، بناغەی دانا بۆ قەیرانی سوودبەخشین لە کارگەی بەرهەم هێنانی ئەمەریکی کە لە دووا ساڵەکانی 1990 پەرەی سەند. 67

